# سەردانەکانی سەرۆک بارزانی، ئایندەیەکی گەش بۆ نەتەوەیەک

ئاسۆ عەلی فەرەج

مەودای سیاسەتی دەوڵەتانی عەرەبی، بەرامبەر بە کورد لە کشان و داکشانێکی ئێجگار ئاڵۆز بوو، لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاری کورد، سیاسەتێکی هێندە پەیوەست بوونمان بەدی نەدەکرد وەک ئەوەی ئێستا هەیە، لەوانەیە گۆڕانکارییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆکارێکی هەرە دیاری ئەو سیاسەتانەی ئێستای وڵاتانی عەرەبی بێت بەرامبەر بە کورد لە ئێراق، بەڵام ناکرێت هۆشیاری و هەنگاوی گرنگی ئەم چەند ساڵەی سیاسەتی حەکیمانەی کورد لە بیر نەکرێت لە واقیعکردنی کێشەی کورد وەک کێشەیەکی پەیوەست بە ناوچەکەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کورد، بەتایبەتی وردبینی و نوواندنە حەکیمانەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی بەرامبەر ئاڵۆزییەکانی نێو ئێراق کە رۆژانە کاردانەوەی جیاجیای دەبێت لەسەر دەوڵەتانی عەرەبی بە باش و خراپ.



راستییەکی تاڵە جیهانی عەرەبی و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبی، لە گرنگترین قۆناغی مەرگەساتەکانی کورد، هەڵوێستێکیان نەنواندووە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی میللەتێک بەدەست دیکتاتۆرترین رژێمی سەردەم، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق و بەشداری ئیجابیانەی کورد لەو پرۆسەیە دوو ئەگەری لەبەردەم دەوڵەتانی عەرەبی هێنایە گۆڕێ، یا ئەوەتا دۆستایەتیکی بەتین لەگەڵ کوردستان دروستبکەن، یا ئەوەتا دژایەتی بکەن و بە هێڵی مەترسیداری بزانن بۆ سەر ئومەی عەرەبی کە بینمان هەڵوێستی هەندێک وڵات، کە چۆن شرۆڤەی پێشکەوتنەکانی کوردستانیان دەکردە پێوەرێک بۆ مەترسیخستنە سەر دەوڵەتانی عەرەب، بەڵام دوای هێوکردنەوەی بارودۆخەکە و هاتنەکایەی دەسەڵات و دەستوور و هەڵوێستی دیاری کورد بەرامبەر بە ئێراق وناوچەکە، جۆرێک لە کشانەوە هەستی پێکراو لە نێوەندە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانە بەدی دەکرا، کە بوونی کورد و سیاسەت و حکوومەتیان هیچ مەترسیەک بۆ سەر هەموو ئەو ترسانە نیە کە ئەوان چاوەڕوانیان دەکرد، وەک دابەشکردنی ئێراق ودەستبەرسەراگرتنی سەروەت و سامانی نەوت، کە مافێکی رەوای کورد خۆیەتی، ئەوان هەمیشە چاویان لە لاوازبوون و وردکردنەوەی کوردستان بوو لە وێناکردنی وەک ئیسرائیلی دووەم بۆ سەر ئومەی عەرەبی.

سەردانەکانی سەرۆک بارزانی بۆ هەریەک لە سعوودییە و ئەردەن، دیارترین بەڵگەی سرنج راکێشانی وڵاتانی عەرەبە بۆ رەوشی ئێستای ناوچەی رۆژهەڵات و بارستایی سیاسەتی کورد لەو دەرهاوێشتانەی کە دەبنە بنەمای پێکهێنانی دۆستایەتیەکی بەرژەوەندییانە لەسەر واقیعێتی پێگەی کورد لە ناوچەکەدا. دیارە پرسەکانی ئێراق، تەوەری هەرە گرنگی گفتوگۆکانی جەنابی سەرۆک بووە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتانە، بەڵام ئەوەی بەلای کوردەوە گرنگتر و جێگای خۆشحاڵیە بوونیانە وەک پێگەیەکی سیاسی و ئابووری و دواتر ناوچەیەکی ئارام لە چاو ناوچەکانی ئێراق، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگە بەلای وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت وڵاتانی رۆژئاواش، دەبێت ئێمە لە روانگەی واقیعێتی کوردستانەوە بڕوانینە چۆنیەتی و چەندایەتی ئەم سەردانەی سەرۆک بارزانی و بە ئایندەیەکی گەشی نەتەوەیی تێڕوانیەکانمان چڕکەینەوە و هەست بە گەورەیی سیاسەتێکی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی بکەین، کە چۆن رۆڵی ئیجابیانەی هەیە لە هەموو هاوکێشەکانی نێو ئێراق و دواتر تێگەیاندنی عەرەب لە هەموو ئەو ئەگەرانەی کە دەبنە دەروازەیەک بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی

کورد لە هەر قۆناغێکدا بێت، لێدوانەکانی سەرۆک بارزانی لەو دوو سەردانەیەدا تێگەیشتنێکی زۆر ئاسانە بۆ ئاماژەیەکی روونی نەتەوەیی لە بەردەم هەر ئەگەرێک کە هاتە پێشەوە.